# دادگای فرانس ڤان ئەنرات , هەنگاوێك بەرەو بە فەرمی ناسینی جینۆسایدكردنی گەلی كورد

عەلی مەحمود محەمەد

دەتوانین دادگایی ئەنرات بە سەرەتای بە فەرمی ناسینی جینۆساید كردنی گەلی كورد بدەینە قەڵەم . لە پێنجەم ڕۆژی داگایی ئەنرات لە بەرواری 25–11 بە ئامادە بوونی 7 حاكم و دادوەری گشتی ئەنجام درا , كۆمەڵێك بابەتی گرنگ وەك ئەنفال , بارزانی , قەڵادزێ , تەعریبكردنی كەركوك و كیمیابارانكردنی كوردستان قسەو باسی گەرمیان لەسەر كرا , لە بەشی كۆتاییدا حاكم بە پرسیارێك وەك بۆمب هەمووی بەدەم و چاو ئەنرات و پارێزەرەكەی دا تەقاندەوە .

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەك , لە كۆبونەوەیەكی تایبەتی سەدام لەگەڵ مەجلس قیادەی سەورە, كە كەسێكی بەرپرس لە سەرۆكایەتی كۆمار ئەو بەڵگەنامەیەی دەركردۆتە دەرێ و تەسلیم بە دادوەری گشتی كردووە , لە سەر زاری سەدامەوە باس لەوە كراوە :

(( ئەو مەكینانەی هەمانە مادەی كیمیاوی بەرهەم دەهێنن , بە گوێرەی پێداویستی سوپا )) .

(( ئەو مادانەی پەیوەندییان هەیە بە مادەی كیمیاوییەوە دەبێت داهێنانی تازەیان تێدا بكرێت , داهێنانی تازە بێتە ئاراوە )) .

(( بە گولەی كیمیاوی بڵێن گولەی تایبەتی , نەڵێن گولەی كیمیاوی )) .

ڕایان گەیاندووە , تەنها لە ساڵی 1988 دا , نزیك بە 1000 تەن مادەی كیمیاوییان پێویست بووە بۆ چالاكییەكانیان , كە هەر گولەیەك 80 كیلۆ كیمیاوی پێویست بووە .

لە پرۆسەی داگاییەكەدا , ژیان و مەرگەساتی خەڵكی ئۆردوگاكانی جەژنیكان , قادركەرەمییەكان, بەرحوشتر و چیرۆكی پڕ تراژیدیای , تەیمور و وێرانكردن و خاپوركردنی 4500 گوند و سەدان مزگەوت , كیمیابارانكردنی سوێسنانی قەراغ و 70–90 شەهیدی ئەو كارەساتە , سەر لە نوێ هاتنە پێشەوە .

فینك خەڵكی سەیسرایە و هاوكاری ئەنراتی كردووە , ئامادە نییە بێت بۆ دادگا تاكو شایەدی لەسەر ئەنرات بدات , بەڵام دادوەری گشتی ئامادەیە بچێت بۆ سویسرا بۆ ئەنجام دانی لێكۆڵینەوە لە گەڵی . بە پەلە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە دادوەری گشتی پەیوەندی بە فینكەوە دەكات , ئایا بە بڕوای ئێوەی خۆشەویست دەبێت دادوەری گشتی بە ڕەگەز لە كوردە میدییە ڕەسەنەكان نەبێت؟ , ئەوانەی هەموو بەیانییان لە سرودی ئەی ڕەقیبدا پێیانا هەڵدەدەین و سوجدەیان بۆ دەبەین ؟.

لە بەشێكی دیكەی ڕاپۆرتەكەی حاكم , ڕاپۆرتی ڤان دەرستول دێتە پێشەوە , لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە دراوە كە كورد جینۆسایدكراوە , هەرچەندە ئێمەی كورد بۆ خۆمان تاكو ئێستا هەستمان بە جینۆسایدكردن نەكردووە .

تەعریبی کەرکووك , چۆڵکردنی ناوچە سنورییەکان , تەرحیلکردنی **100000** کورد لە کەرکووك , بارزانییەکان کوشتنییان بە بەهانەی هاوکاری پارتەکەی ڕێزدار مەسعود بارزانی لەگەڵ ئێران لە بەرەی جەنگی حاجی ئۆمەران , خاپورکردنی گوندەکان , ترسناکترین بڕیاریش لەسەری هەڵوێستە کرا , ئەوە بوو دژ بە کورد بوون درا لە ئەنفالەکان , نەك پارتە سیاسییەکان .

بە درێژی باس لە هەر هەشت پرۆسەی ئەنفال و شیکردنەوەی سورەی ئەنفالکرا , کە مرۆڤەکان بە بێ دادگایی و واژۆی سەرەك کۆمار بڕیاری لە سێدارەدرانییان بەسەردا درا .

حاکم باسی لەوە کرد زانیاری زۆر بە دەستەوەیە بە بەڵگەوە لە سەر تاوانی پرۆسەی ئەنفال , بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئەنفالی سێیەوە .

لە فرجینی گۆڕ هەڵدراوەتەوە و توێژینەوە لەسەر لاشەی قوربانییان کراوە , بەو مادانە ئەو مرۆڤانە کوژراون ئانرات فرۆشتوییەتی بە سەدام .

لە نگرە سەلمان مرۆڤ وشکەوە بووە لە تێناو برسان , هەزاران کەس بەم شێوەیە کوژراون .

ئەنفال لە لوتکەی دەسەڵاتەوە بڕیار لەسەر ئەنجامدانی دراوە , بە بڕیاری سەرۆك کۆمار ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ئەنجام دراوە , عەلی حەسەن مەجیدیش جێبەجێی کردووە .

حاکم وەك کوردێکی خاوەند قوربانی هاتە قسەو وتی : ئەنفال پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت , کە بریتییە لە پرۆسەی کوشتنی سەدان هەزار کورد , بە بڕوای ئەو ئەنفال کاریگەری لەسەر هەموو تاکی کورد داناوە , تاکو کاریگەری لەسەر خەڵك بمێنێت ئاشتی لە عێراق گرانە .

لە بەشێکی دیکەدا هاتە سەر دۆزی کەرکووك و تەعریبکردنی , وتەکانی عەلی حەسەن مەجیدی دووبارە کردەوە کە بە هەڕەشەوە کردوییەتی (( کوردی باشی نییە دەبێت نەمێنن ))((ئەوانە حەیوانن مرۆڤ نین )).

محەمەد حەمزە ئەو تاوانبارە گەورەیەی لە باشور ئەو هەموو کوشتارەی ئەنجام دا , نەیتوانی لە کوردستان بە دڵی سەدام کارەکانی ڕابپەڕێنێت , بۆیە عەلی حەسەن مەجید هاتە شوێنی و ئەو گواسترایەوە بۆ باشوور .

حاکم لە کۆتاییدا پرسیارە گەورەکەی وەك بۆمب لەناو هۆڵی دادگا تەقاندەوە , ئەو پرسیارەی ئێمەی کەس و کاری قوربانییان **17** ساڵە بە ئاواتی وەڵامەکەیەوەین , کاتێك وتی : لەوانەیە ئەنرات بڵێت من کارم چییە بە ئەنفال و بارزانی و تەعریب و کەرکووکەوە , خۆ ئەوانە بە چەکی کیمیاوی ئەنجام نەدراون , بەڵام ئەمانە هەموو نیشانی دەدات کورد جینۆساید کراوە .

ئەمە ئەو پرسیارە بوو کۆماری ئیسلامی ئێران خۆزگەی دەخواست کەڕ بوایە لێ گوێی لێ نەبوایە , چونکە ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان دۆزی ئەنرات بەرەو تاوانباری جەنگ بەرن نەك جینۆسایدی گەلی کورد , لەگەڵ ئەو پرسیارەدا زیاتر گەشبین بووم بە دادگاییەکەو گەورەیی پرۆسەی دادگاییەکەم زیاتر بۆ دەرکەوت .